# دەربارەی پێنووس PÊNÛS

**ناوی ماڵپەڕ:** پێنووس
**خاوەنی ئیمتیاز:** خانەی هزریی کوردستان
**سەرنووسەر:** قەرەنی قادری

خانەی هزریی کوردستان

ماڵپەڕی "**پێنووس**"، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی وتار، توێژینەوە و دۆسیەوە (بە نووسین و وەرگێڕانەوە) بەشدارییەکی کارا لە کردنەوەی دەلاقەیەکی هزری و بنیاتنانی بزووتنەوەیەکی هزریی دیموکراتیک و ئەقڵانی لە کوردستاندا بکات و ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕێت. پێکهێنانی کەشوهەوایەکی هێمنانە و لە ڕێگەی نووسین و توێژینەوەوە، لە ئەرکە سەرەکییەکانی "پێنووس" دەبێت.

وەڕێخستنی گفتوگۆ لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا (مافی مرۆڤ، پێکەوەهەڵکردن، پێکەوەژیانی ئاشتیانە، ئازادیی ڕادەربڕین و نووسین، ئازادی و یەکسانیی ئایین و ئایینزاکان، پرسی ژنان، مافە مەدەنییەکان، هەروەها ئەو چەمکانەی کە پەیوەندییان بە ژیانی هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەبێت)، لەگەڵ هەموو ئەو چەمکە سەردەمیانەی بنەمای جیهان و کۆمەڵگەی پێشکەوتووی مرۆڤایەتی پێك دەهێنن، لە ئەرکە بەردەوامەکانی "پێنووس" دەبێت.

"**پێنووس**" هەوڵ دەدات لەو مەیدانە هزرییەدا، بێلایەنانە باس لەو چەمکانە بکات کە پەیوەندییان بە ئێستا و داهاتووی کوردستانەوە هەیە و خزمەتیان دەکات. ئەو واتایانەی کە گرێدراوی حوکمڕانی و سیستەمی سیاسیی سەردەمیانە بێت، لە لاپەڕەکانی "پێنووس"دا جێگەیان دەبێتەوە.

هەوڵدان بۆ ناسینی کێشەکان وەك خۆیان و دوور لە کاریگەریی ئەملا و ئەولا، شیکردنەوە و وەرددانەوەیان سەرەتایەکە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر، ئەمەش تەنیا بە ڕێگەی نووسین و لە کۆڵانی دیالۆگێکی ئەقڵانییەوە دەرباز دەبێت. بۆ باس و لێدوانیش، کەشوهەوایەکی هێمنانەی وا پێویستە، کە دوور بێت لە هەرا و کاریگەریی نەرێنی، بەتایبەتی ناکۆکییە سیاسییەکان، تا ئەقڵ بکەوێتە گەڕ.

“**پێنووس**“، شوێنی ئەو نووسینانەیە کە خزمەت بە مێژوو، ئێستا و داهاتووی کوردستان دەکەن. هەوڵ دەدات فرەچەشنیی کۆمەڵگە و فرەهزری بەرهەم بێنێت و بەرگرییان لێ دەکات. لەبەر ئەوە، ماڵپەڕی پێنووس سەکۆیەک دەبێت بۆ پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنی ئەو فرەهزری و فرەڕەهەندییە. هەر لەو ڕوانگەیەشەوە بڵاوکردنەوە و شیتەڵکردنی ئەو چەمک و زاراوانە، یان ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە پرسی “کوردستانیان”، واتە کورد و ئەو نەتەوە و ئایینانەوە هەیە کە کوردستان زێدی ئەوانە، ئەرکی ماڵپەڕی پێنووس دەبێت و دەبێ یارمەتیی فرەدەنگیی سیاسی (پلۆرالیزمی سیاسی) و پێکەوەهەڵکردن (تۆلێرانس) بدات و بەهێزیان بکات. ئەمەیش یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی.

بۆ ئەوەی بەم ئامانجە بگەین، هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی نووسینی هێمنانە، جددی و ئەقڵانییەوە کەلتوورێکی دیموکراتی لە وڵاتدا بڵاو بکەینەوە تا کۆمەڵگەکەمان بتوانێت بەهێمنی و لە گشت بوارەکاندا لەگەڵ خۆیدا بپەیڤێت. کۆمەڵگەیەکی بەهێز، لە گرەوی تاکێکی بەهێز، دیالۆگێکی ژیرانە و فرەڕەهەندایە.

**پێنووس**
**هەولێر ٨/٨/٢٠١٦**